# چیرۆکەکانی لەتیف حامید

٢-٢

## قوڵپی رشانەوەی رەش

### پشوودان

پەتایەکی پیس کەوتبووە شارەوە؛ لارەشە هەتا دەهات درێ بەخەڵکەکە دەدا، یەک لەدوای یەک خۆیان دەدا بەدەستەوە، لە لیستەیەکی تایبەتیدا تۆمار دەکران ئەوانەی کە مابوونەوە هەندێکیان سەرسامی دەمیانی کڵۆم دابوو، ئەوانی تریش بەگێلیەوە چاویان بڕیبووە دەمی مالوومەکەیانەوە چاوەڕێ بوون دەم بکاتەوە، ئەمیش هەناسەی لەخۆی بڕی بوو، هەر خەریکی سەرژماردن بوو، هەر کە ئەستێرەیەک دەکشا دەنکێکی تری لە تەزبیحەکەی دەستی دەقرتاند.

لەولایشەوە «شاروخ شا» رۆژ لەدوای رۆژ ددانی تیژتر دەبوو، بەخەرمان درۆی بۆ دانیشتووان هەڵدەڕشت. هەرساتەی درۆکانی بەرگێکیان لەبەر دەکرد بۆیە هەموو کەس بەئاسانی نەیانی دەناسییەوە، خەڵکی شار شڵەژابوون و بەیەکدا دەهاتن، لە یەکتر مۆڕ دەبوونەوە. چەمۆڵەیان لەیەک دەنا. ئاسمان لێوی قرچەوە ببوو. لووتی بەسەر شاردا ژەنی بوو. لەگەڵ هەڵهاتنی هەموو رۆژێکدا خۆیان دەخزاندە ریزەکەوە. لوورەیان لێ هەڵدەستا.

سەر شۆستەکانیان بەبەڵغەم سواغ دەدا، دەستە دەستە وەک لێشاو لە شەقامەکاندا پەنگیان دەخواردەوە و بەناخی زەویدا دەچوونە خوارەوە.

**سەرەتای ژانەسەر**

وا بەتەنیا کەوتەڕێ لەم ژیانە شێواوەدا. ناشزانێ هەتا کەی پێویستە هەر بڕوا. دەڵێن مردن گۆڕێ دەبەخشێ بەژیان. مردنی ئەمانە گڕ بەر دەداتە دڵی. ناتوانێ خۆی لێیان دابڕێ. ئەم لێشاوە لیخنەشی پێ بەربەرست ناکرێ، بەڵام دەبێ هەر بێتە دەست. هەر نەبێ جگەرگۆشەکەی لە گەوزاندن بپارێزێ، هەتا دەهات هەنگاوەکانی گرژ دەبوونەوە. گەردەلوولێکی سوور شوێن پێکانی دەشاردەوە. تیشکی خۆر هەناوی سووژناژن دەکرد. برینەکانی خۆی بە هەورییەکی تەنک دەپێچایەوە. کاتێک کە منداڵ بوو، هەردوو قاچی لەم بەر و ئەو بەری کوانووەکەیان توند دەکرد. چاوی دەبڕییە پشکۆ سوور هەڵگەڕاوەکانی، هەستی دەکرد کە سەرمایەتی. سەرما هەموو ئەندامی لەشی دەگەزی. لەو کاتەوە دەستی کردە لێکدانەوەی باری ژیانی خۆی. پشکۆکانی کڵۆ کڵۆ لەسەر پەڕاوەکەی هەڵ دەخست پێیان وت: "نۆرەت نەهاتووە، ددان بەخۆتدا بگرە". کاروان لە ڕێیە. ئەوی نووسی بووی ونجڕی کرد.

ئاگردانەکەی پڕ کرد لە سووتوو. کەوتنە ڕێ، ئەمیش بەدوایاندا. ڕێگە تەنرابوو بە دەعبا کەڵبە درێژەکان. کە قەستیان دەکرد، توێکی جگەری هەڵدڕن. دەیتوانی بەئاسانی شێوەیان بکاتەوە. زۆریانی لە چەمکێکی چیرۆکەکەی باوکیدا خوێندبووەوە، بەڵام لە ڕێکی بەگژداچوونیاندا نەبوو.

شیرەکەی دەستی هی خۆی نەبوو. ژەنگی دیوەخان لە کەڵکی خستبوو. ئەمانەی پێشی کەوتوون وەک خێڵێکی هەجیجی بێ سەرو شوێن دەشتیان داوەتە بەر. نازانێ بەرەو کوێ مل دەنێن. بەهەوراز و نشێوی دادەکشێن. مۆڵەتی ئەم نادەن بێتە دوو. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا زرمەیەک لەم لا و زرمەیەک لەولایانەوە دێ. لاڕەشە دەمی خستووەتە خوێنیان، هەر بەوەیدا دەگەن ڕۆژی یەکێکیان بەرێ بخەن.

ئەوەی واخراوەتە سەرشان چەکدارێکی ورگنی تەپلەزل بوو، هەوای گەشتێکی خۆش کەوتبووە سەریەوە، خۆی پێانەوە لکان، درزێکیان لە نێوان خۆیاندا بۆ کردەوە، بەهاسانی خۆی پیاکرد، دە ڕۆژ لەمەوپێش لەناو شاردا باڵی رادەوەشاند. بازیبەنی قۆڵی پیشان دەدان، سەرکردەییانی دەکرد. پێیانی دەوت خۆتان لە پەتا بپارێزن، دوێنێ کە لێی نزیک

بووەوە، سێبەرەکەی دی لارەوە بووبوو. ئەم بەیانییە بەدەم قوڵپی رشانەوەی رەشەوە خۆی دا بەدەستەوە، "تەزبیحەکە دەنکێکی کەی کەم کرد."

## زەنگی کۆتایی

زبڵکوانی مێژووی وێڵی زەنگی کۆتایی لێ هەڵ دەسا. خامۆشی پەردەیەکی سامناکی کێشابوو بەسەریدا. سامۆتکەی شەو ئەو ناوەی بەوەڕین تەنی بوو. هەستت بەهیچ جموجۆڵێ نەدەکرد. ئەمە دوا قۆناغی کاروانەکە بوو. ئەلێرەوە بەشی دووەمی چیرۆکەکە دەست پێ دەکات. سەری هەڵبڕی شەو لە جێی خۆی خلیسکاوەتە خوارەوە. ئاسۆی ئەرخەوانی لەدوور دەدرەوشایەوە، هێشتا لە کوێیەتی. تینی تێدا نەماوە. ئەژنۆی کەوتووەتە لەرزین. دەوری هەموو خپ خەوتوون. دەڵێی هەموو گیا تاتووڵەیان خواردووە. توێشەبەرەکەی لەبەری دەستی چۆڵترە. کار لە کار ترازاوە. تازە ناتوانێ خۆی لەمان جیا بکاتەوە. دوور نییە ئەم ئێشەی سەری سەرەتای پەتاکەی ئەمان نەبێ. هەموو پێکەوە یەک هەوایان هەڵمژیوە. شارەکەیان وەک "بنەمەنجەڵێ" مس ژەنگ گرتوویەتی. چۆن ئەم راستەیەی لا شێوێنرابوو، بەڵام با نیشانەیەک جێ بهێڵێ، لەمە بەولاوە هیچی تری پێ ناکرێ، کۆمەڵەکەی دواوە بەبۆنی کەلاک ناکەون. دەستی کردە پەل هاوێشتن. تەرمەکەی شاردەوە دەستی گرتە کێلەکەیەوە هەستی کرد کە وەک شەختەی لە چنگدا بێت وایە لم و لیتەی زبڵکوانەکە لەگوێ خستبوو. نەی دەتوانی هەنگاو هەڵ بێنێتەوە. مووچڕکەیەکی گران گیانی داهەژاند. سەرما تەوژمی بۆ هاورد. خۆزگەی بەگوێ کوانووەکەی جارانی دەخواست. هاتەوە یادی کە بۆ یەکەم جار خۆی بەمالوومەکەیان ناساند. لێی ورد بووەوە و دەستی دایە پشتیدا و پێی وت: ئەوەندە بزێو مەبە. دوامان کەوە. هێشتا نۆرەی ئەوەت نەهاتووە پێشمان کەوی.

سەرنجی دایە دەوروپشتی خۆی، چاوی پێ کەوت، مێش تێی دابوو، دەستی بەسەر دوا دەنکی تەزبیحەکەی داگرتبوو. لە دەستی دەری کرد. قرتاندی. ئەمجا دوا دێڕی نامەکەی نووسی: "براکانم دەڵێن مردن گۆڕێ دەبەخشێ بەژیانیش. سبەینێ دەگەڕێمەوە بۆ شار، شاروخشاخ ئاگەدار کەنەوە".

## وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر

وای دەزانی ئاوێنەکانی ئەودیو هێڵە بەردینەکانیش هەر بێ نوونە و لەکەن. وەکو ئەو کانییەی کە پێش ساتێک دەمی پێوە نا و توینێتی و ماندوێتی خۆی تێدا تواندەوە تریفەدار

و دەم بە بەستەن.

وای دەزانی کەمەری شینی سامالّی بە زیو چنراو هەردەم بە جریوەی شەونخوونی و چاو زیتی پۆلا ڕێژکراوە و لێلّی و لێک ترازانی نییە. ئەو ڕۆژەی کە لە دلّی ئەودا تیشکی داوەتە پەرژینی سەرانسەر ئەو جیهانەیە کە دلّبەندی بووە و بە نەرمی وا هەنگاوی بۆ دەنێ.

سمفۆنییەکی بێ لەنگەر لە لوورەی چەقەلّ و خوڕەی چەمەکان و ترپەی پێی دروست دەبوو. تاریکایی بە کپی دەیخواردەوە و زاخاوی توێژی سامناکی و سەختی خۆی پێ دەدا.

" ئەو بادەوانەی  کە لە توێی کەفی تورتی شەودا دەشەکایەوە بەڕووی ڕەشەبای قەلاچۆ کردنیدا پەلّە هەورێکی چلّکن وێلّ و سەرنگوونی کرد. بەناخی گەرداوەکەدا بردییە خوارەوە.

تۆش لەرخەی خوارەوە. تۆش لەپرخەی خەوی نابەلّەدیتدا بۆنی خوێن و یاد و سوێ بەرچاوتی لێک کردبوو".

پەنجەیەکی نەبینراوی  ئاگرین ریشەی دلّی لەیەک دەترازان. بەچزووی ترسی پێشێلکردنی گولّ هەناوی دەشێوان و زۆری نەمابوو ورشەی ئاونگی زیوینی بەر پێی لەبەر چاو بکات بە ڕەشمارێک و هەنگاوەکانی کورت بکات و ئاسۆی هیوای ژیانی تازەی سبەینێی لەناو چنگی گوشراویدا جێ بکاتەوە.

بەلام ئەم هەلّم و دووکەلّەی کە مێشکی پێ قانگ درابوو، قولّپی بەخوێنی لەشی دەداو شێوەی ڕاستەقینەی هەموو شتێکی لەبەر چاو دەگۆڕی:

– هەرچۆنێک بوو توانیم شالاوی تەمومژی ڕێ وێلّکەر بڕەوێنمەوە و شوێن پێی خۆم لەسەر ئەم تەختە تاوێرە ڕەقە دیاری کەم، سبەینێ ڕێگەی سەر ڕێ سلّم لێ ناکەوە، ئەوەی کە چاویانی بەترس دەڕێژا لاپەڕەی هیوایانی بە ڕەنگی زەردەپەڕ تەلّخ دەکرد واسەرەو خوار لە خاکدا ڕەگی ڕووی ڕاستی ئەم چەرخە دادەکوتێ.

– ئەو گەردەلوولە سوورەی کە لە قوولایی کارەساتی ئەم شەوە تاریکەدا دەزێ و لە بازووی پاسەوانە دلێرەکانی چیا و هەردا لوولی خواردووە. بەرەبەیانی سبەینێ هەلّ دەکات و ڕەگ و ڕیشەی دارە کلۆرەکان و هەواری دڕکە چاوچنۆکەکانیش ڕاپێچ دەکات و گێرەشێوێنی ناو کێلّگە و مەرەزەکان دەکاتە پەلّە ڕەشی: سەر ڕووی چەرخی ڕاپەڕینی مرۆڤ.

چاوەکانی ماندوێتی تێ زابوو ئەوەندە سووریانی دابوویە لە پانایی ئاسماندا کە وەک شەوەیەکی رەش دەینواند بە ئومێدی تروسکە ڕووناکییەک دوودڵی خۆی پێ بڕەوێنێتەوە، دڵنیای کات لەو ڕێگەیەی کە گرتوویەتی:

– هەمــوو شت بەندی ئارەزووی خــۆمــە. من ئازادم با بەس بێت ژیانی چاوبەستــی. بۆچی کـەم تەنەکـەیان پێ لێ دام لەو شـەوە تاریک و ســاردەدا بە ناوی راوە ژیژکـەوە. جارێکی تر منیان پێ ناخەڵەتێ، ڕێگەی خۆم دۆزیوەتەوە. کەڵک لەم هەلە وەردەگرم، ئەو دەســتـەی بۆم درێژ کـراوە دێیـەکـەی خـۆمـان دەدۆزمـەوە. ئەم جـارە گـوڵە وردیلەکـانی فەرامۆشی ناکەم. بەهرامی برام با هەر بلوێری خۆی لێ دات، ئەو دوای کڵاوی با بردوو کەوتووە. ڕووناکی کە لە توێی زامی ئەمڕۆوە هەڵدێ سبەینێ لق و پۆپی تیشکی ژیانێکی نوێ دەڕژێنێتە سەر هەموو قەڵبەزە و ڕێ و بانێکدا و تاپوو تەرمی ئەم خەوە ناقۆڵایەی ئەم شەو دەنێتە چاڵ. دەڵێن ئازادی لەگەرووی خێوی ناو بیرەکەی ماڵی ئاغادا گیری خواردووە. شەقەی باڵی پەلەوەرە دەنووک سوور و لەش سپییەکان نوقمی هاڕەی ئاسیاوەکەی ئەودیو چیا بەفرینەکەی ژوور دێیەکەتانە کە شەو و ڕۆژ وەستانی نییە.

تەزی خلیسکی بێ داری و وێڵی ناخی ئەو درەختە پتەوەی هەڵگلۆفی و خستە لەرزە کەتا دوێنێ تینی باوڕ لقەکانی دەشەکاندەوە بە ڕووی چەخماخەی لەرق گیراوی یاساوڵە چاو زیتەکانی ئەودیودا. خزەی هەناسەی سواری دەنگی لەو ترانسسترەی دەستی بڕی بوو کە بەدرێژایی ڕێگە دەڕشایەوە و گوێچکەی پڕکردبوو لە منجەمنج و ئاوازی ناخۆش و ئاڵۆزاو:

"گرینگ نییە کە ویلەکەت ناوی خۆتی پێوە بێ. تۆش وەک هەمووان ڕەنجی شانی خۆت دەخۆیت. ڕێگەی باوکت ون مەکە. کاتی پێوان و کێشان نییە. دڕندەکانی دەورمان قەپاڵی خۆیان دەوەشێنن"

کتوپڕ هەموو شت بەرگێکی تری کرا بەبەردا. تاوێرەکان، قەڵبەزە و لووتکەکان هەموو دەجووڵێنەوە. واتا ئەم ڕێ و بانە بێ سێبەر نییە. وا تەکان دەدەن تارماییەکانیان دەبینی. قاقای قیڕینیان ناخی گوێی دەسمی. وا ئێستە هەموو شت ڕوون بووەوە. هەموو شت ڕق و بێ جـەرگی لێ دەتکێ. شـێـرکـۆ چی تری بەدەسـتـەوە مـاوە. تا سـاتێک لەمـەوپێش نەخشـەیەکی نوێی دەکێشا بۆ ئەم جیهانەی کە بێزی لە ڕووی گرژوتاڵی دەکردەوە بە هەنگاوە نەرمەکانی ئەو سنوورە دەستکردانەی دەسڕییەوە کە مرۆڤ خۆی تێدا بەند

کردووه. "بێگومان خەو دەبینم راستی دەبێ هەرجێی خۆی بکاتەوە. گوایە بەهرامی برام راستی کرد. نەخێر خەو دەبینم".

چاوەکانی هەڵگڵۆفی. ئارەقی ناوچەوانی بە لکی پشتوێنەکەی سڕی. سێبەرەکان هەر بەرەو پێش دەکشێن. ئەو کاژەی بەرچاوی گرتبوو. ئەژنۆی سڕ کردبوو. هەڵوەری و لە سامناکی ئەم شەوە زەنگەدا توایەوە. بڕیاری دا بکەوێتە خۆی هەنگاوێک چووە دواوەو و خۆی فڕێ دایە دووریانێکەوە تارماییەکانیش بەدوایدا. ئەمجا دەستی شلی مەیی بەسەر شانی بێ چەکیەوە.

هێڵی بەرەبەیان زنجیرەی ئەستێرەکانی خزاندە قوڕگی رووناکییەوە. شەو ئەمجارەش چۆکی دادا.

## زەرد، سوور، سەوز، شین

**باخچەکە رازابووەوە. تۆزێ شڵەژام. بلیتەکەم دەرکرد:**

«مێزی خەبات» رووم تێ کرد. دانیشتم چاوێکم بە دەوری خۆمدا گێڕا. تەریقەوە بووم. خۆزگە نەهاتمایە. پیاو دەبێ پێش هاتنی بۆ شوێنی ئاوها خۆی باش رێک بخات. جگەرەیەکم داگیرساند، دەمنواڕییە دووکەڵەکەی دەمویست بەمە شەرمی خۆم برەوێنمەوە.

تیشکی زەرد لۆچی دەموچاوی کابرا لۆق درێژەکەی بەرامبەرمی پڕ کردبووە، وای بۆ دەرۆیشتم کە خەوێکی خۆش دەبینێ. ئاواتە مردووەکانی کەوتوونەتە سەرەتاتکێ.

سەرم هەڵبڕی. چاوم پێت کەوت، بەرەو پیریت هاتن ویستیان لە منت بکەن، دەستیان بۆ لایەکی تر بۆت درێژ کرد، قسەیانت شکاند. بەرامبەرم دانیشتی، دەستێکت بە قژەکەت داهێنا. لێوم قرچەوە بوو، یادی دە ساڵ لەمەوپێش تەوژمی بۆ هێنام.

تۆ نەبوویتایە من بۆ جێگەی ئاوها نە دەهاتم. دەمێکە زانیومە گوێ شلکردن بۆ قسەی سەر شانۆ مێشکمان هەڵ دەکۆڵێ. پێش هاتنت چمکی بلیتەکەی دەستم دەقرتاند. ئاوارەیی دەمی ژەنی بووە ناخم. ئەم کۆڕە شایستەی ئەوە نەبوو من و تۆ یادی خۆمانی تێدا جێ بهێڵین.

**« ژووری -٢٩- لە زانستگە یادێکی یەجگار دێرینمان بیر دەخاتەوە. ئەو کاتە ئەوەندە بە دەربەستی سبەینێمانەوە نەدەهاتین».**

کە نۆرەت هات پرچەکەت باش رێک بخە. ددان بە وشەکانتدا بنێ، هەندێ یاری وەک

ئاگر وایە، ئاگەدار نەبیت خۆت دەسووتێنیت.

بۆچی سەرت دادەخەیت. راستی شتێک نییە کەس سڵی لێ بکاتەوە. **«ئەو ئێوارەیەی کە قرمەی گوللە شەقامەکەی پێ چۆڵ کردین، لەشت وەک شەختە ساردبوو، وا دیاربوو لە دڵداری نەگەیشتبووی.»**

ئێستەش پێوستیت بە هەندێ وشەی گەرموگوڕ هەیە لە شوێنی ئاوهادا کە دەروون دێتە کوڵ، ئاگامان لە دەرەوە دەبڕێت. تیلماسێک سۆز پاڵەپەستۆ دەخاتە هۆشمانەوە. **ئەوە عومەرە فەنی لێ بووەوە.** ئەو لاوە لە جێی خۆیەوە هەڵسایە سەر پێ، ناڕازییە. **«لەبیرتە ئەو ساڵەی پێکەوە لە سینەما بووین، زەلامێکیان بە پاڵ کردە دەرەوە. داوای پارەی بلیتەکەی دەکردەوە. ئەکتەرەکانی نەدەناسییەوە، کە چاری نەما دەستی کردە فیکە کێشان».**

کابرای لۆق درێژ چاوی بڕیوەتە من، دەزانێ کە جوێنی پێ دەدەم، هەرچەندە لێی ورد دەبمەوە دەبینم بەو سێ شاخەی کە لێی رواوە هەڕەشەم لێ دەکات، ئەویش وەکو من دڵی پاکەوە نەبووە، هیچ رۆژێک ئەم خۆشییەی بە خۆیەوە نەدیوە، بە ئارەزووی خۆی بەسەر دڵماندا هەنگاو دەنێ. نۆرە هاتە سەر شێخ نووری، ئەو لافتەیەم پێ ناخوێنرێتەوە، باران شێواندوویەتی، هەموو شتێک بەپێی پرۆگرام دەڕوات، هەندێکیان دەمی خۆیان دەلێسنەوە، بۆ شیلەی هەنگوین دەگەڕێن. چاوەکانت وەک هەنگوین پڕ لە شیلەن. شێوەت دەچێتەوە سەر ئەکتەرێکی ناسراو، رۆژنامەکانی ئەمڕۆ سوورە سووریان بوو، گەرام بۆ رۆژنامەیەک بە رەش نەخشرابێت نەمدۆزییەوە، خۆنواندن پیشەیەکی سوود بەخشە.گرینگ ئەوەیە بزانی قسەکانت چۆن ریز دەکەیت، هەتاو وا لارەوە بوو، چنگی لەسەر لووتکەی شاخەکەی پشتمانەوە توند کردووە. خۆی پێ راگیر ناکرێت، زۆر خزە دەخلیسکێتە خوارەوە.

**«هاوینی ساڵی شەست و شەش بیستم کە خۆشەویستییەکەت دۆڕاندووە، وابزانم بە هەڵەی دەزانی، تۆ دەتوت من پێی چەوت دانانێم، خۆشەویستی تۆ بە ماڵی دونیا ناگۆڕمەوە، دڵی ناحەز خۆش ناکەم. کە لە شانۆکە هاتیتە خوارەوە، رەنگ لە رووت بڕابوو، ئەژنۆت کەوتبووە لەرزین. شەو لەو دیوەوە وەک پرچەکەت تەڵی سپێتی رازاندبوویەوە».**

لەو کاتەوە کە خۆم لە ماڵتاندا شاردبووەوە گەلێ شت رووی داوە، ئێستە و ئەوسا زۆر جیاوازن لەیەک، ئەو سەرکێشییەت شیرازەی دڵمانی پچڕاند، نازانم چۆن تەفرەیان دایت، لە رێیان دەرکردیت؟.

وا تێ نەگەیت کە پەشیمانم لە کردارەکانی پێشووم. وا نەبووایە نەم دەزانی

خۆشەویستی چییە. مەلا حەکیم وا سەرکەوت. خۆیان قیتەوە کردووە لە کوێوە ئەم هەلەیان دەستگیر بوو.

**«کەلێنێک کەوتە ریزەکەی پێشمانەوە. تاس بردمیەوە. لەبەر چاوم ئاسمان کرێوەی دەکرد. بەفر کڵۆ کڵۆ وەک مێزەر بە سەر سەری دانیشتووانەوە دەنیشتەوە».**

حەزم لەم شەرم کردنەت نییە. دەمەوێ کاژی ئەم بێ دەنگییە دادڕی. دوێنێ شەو خەوێکی هەڵبزرکاوم دی: لافاوێکی لێڵ راتی ماڵی. دەڵێن خەون پێوەندیی زۆری بە رابوردووەوە هەیە. کار ناکاتە سەر نەخشەی سبەینێ.

**« کە لە زانستگە بەیانەکەمانیان دڕاند، چاوت لێم بوو چۆن چۆکم پێیان دادا. لەوساوە دڵم لێیان پاکەوە نەبووە هەر خۆمیان لێ دەپارێزم. بەڵام دەزانی تۆڵەی خۆیان لێم سەندەوە ئاشت بووینەوە».**

**«لە داستانێکدا خوێندوومەتەوە: بارام کەوتبووە سۆراخی ساسامی برای. چۆڵ و بیابانی پەی دەکرد. رێوییەکی بەدی کرد. کەوتە دوای. رێوییەکە خۆی کرد بە کونێکدا. ئەمیش بەدوایدا. لەوساوە کەس نازانێ چی بەسەر هات».**

رەشەبا هەڵی کرد، گڤە گڤی خستە پۆپەی درەختەکان بزەی لەسەر لێو ماڵی، دەنگی چەپڵەرێزانەکەی هەڵلووشی **«من لەپم تازە گۆشتە و زوونی کردووە»**. یەکێکی کە هەڵیدایەوە: بە رۆژی نیوەڕۆ رووت کراوەتەوە، تاکە تاکە نەمام چرۆ دەکات، لەوانەیە بێنە بەر.

هەموو یادێک کۆن دەبێت بەڵام تۆ. تۆ لە دڵمدا هەر تازە دەبیتەوە. **«ئەو رۆژەی دوا بڕیارت دا وتت: ئەگەر وا نەکەم باوکم شاربەدەرم دەکات. قسەکەی باوکتت بەسەر خۆتدا هێنا، چونکە لە خۆشەویستی نەگەیشتبوویت».**

بۆ ناچیتە دەرەوە دەستێک بەدەموچاوتدا بهێنی. شوێن پەنجەی دەستێکی چڵکن بە سووراوەکەی رووتەوە دیارە. **«کە لە گەشتەکەم گەڕامەوە هیچ شتێک وەکو خۆی نەمابوو. شەقامەکانم بە تەواوی ناناسییەوە. هاورێکانم شێوەیان شێوا بوو، بە نا بەڵەدی دەسووڕامەوە، بە رۆژی نیوەڕۆ لەسەر کۆڵانێکدا تێمیان خوڕی: رووت بەرەوە».**

**نۆرە هاتە سەر کەریم ئاغا**، بە فەقیانەکەی چاوێلکەکەی سڕییەوە، ددانە زەردەکانی دەبریسکانەوە، گوێم لە رستەیەکی پچڕاوی بوو، یەکێکی تریان منجاندی، دەروونم هاتە کوڵ، چوار تاڵە دەزووی رەنگاورەنگ لە مێشکدا لە یەک ئاڵابوون، پێم یەکالا ناکرانەوە:

**زەرد، سوور، سەوز، شین.** جاران بە هاسانی گرێ کۆنەم پێ دەکرایەوە، پرۆگرامی ئاهەنگەکەم خستە بەر دەستت، لێی ورد بوویتەوە. دەستت کردە ژماردن: ١، ٢، ٣، ٤ لە ئاستی پێنجەم خەتێک کێشرابوو. نواڕیتە کابرا لۆق درێژەکەی بڕوانامەکەی پێ مۆر کردین، چوار رەنگت هاورد و برد: **زەرد، سوور، سەوز، شین.** وابزانم تازە خەریکی لە قسەکانم دەگەیت. لێوی دوێنێ دەکرۆژیت، هەستم کرد کە لە قوولایی شەوێکی رەنگاورەنگدا پەلەقاژەی رزگاربوون دەکەیت. سەرت. بەرزەوە کرد، هەزار وشەی مردووی ریزکراو لە دەمت بەربووە ژێر مێزەکەوە، یادی دە ساڵ لەمەو پێش، لە چاوەکانتدا خۆی دەنواند، رق رەشەبای لە دەروونتدا هەڵکرد، برووسکەی خستە لەشتەوە، هەڵسایتە سەر پێ:

١، ٢، ٣، ٤ یەک لە دوای یەک بەربوونەوە، ئەوانی تر راچڵەکین، کەوتنە مقۆ مقۆ، پێش ئەوەی کابرا لۆق درێژەکە بگاتە لامان دەستت دایە دەستم وتت: با بڕۆین.

لەم سەرچاوانەوە گواستراونەتەوە:

١- وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٨، ساڵی ١٩٧٠.

٢- سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٤٣، ساڵی ١٩٧٠.

٣- قوڵپی رشانەوەی رەش، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٣، ساڵی ١٩٧١.

٤- رۆژژمێری خەواڵوویەکی شاری سەلجووقی، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٣٩، ساڵی ١٩٧١.

٥- بەشێک لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە، کۆواری بەیان، ژمارە ١، ساڵی ١٩٧٢.

٦- زەرد، سوور، سەوز، شین، کۆواری بەیان، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٧٣.